# بانگەوازی

## بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی کوردی سەقز

بە یارمەتی و پشتیوانیی خوای گەورە، بەڕێوبەرایەتی گشتیی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی پارێزگای کوردستان، بە هاوکاری و پشتیوانیی پارێزگاری کوردستان، بەڕێوبەرایەتی گشتیی هونەرە شانۆییەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، فەرمانداریی تایبەتیی شاری سەقز، شارەوانی و شورای ئیسلامیی شاری سەقز، ڕێکخراوی هونەرە شانۆییەکانی ئێران و دەزگای هونەرە شانۆییەکانی پارێزگای کوردستان، بیستەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی کوردیی سەقز لە نیوەی یەکەمی سەرماوەزی ١۴٠۴ی هەتاوی لە شاری سەقز بەڕێوە دەبات.

## ئامانج و ئەولەویەتەکانی فێستیڤاڵ:

- پەیڕەوکردنی دروشمی ساڵانە (هاوکاری بۆ وەبەرهێنان)
- گرنگیدان بە ئەدەب و زمانی کوردی وەک پشتێنەیەکی دەوڵەمەند بۆ هاندانی نوسەران بۆ نووسینی نووسراوەی شانۆیی لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی و بەها فەرهەنگییەکانی ناوچە کوردنشینەکان، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر میراتی نەتەوەیی–ئیسلامی.
- تێرامانێکی نوێ و داهێنەرانە بۆ فولکلور، دابونەریتەکان، بەیتەکان، و ئایینە کۆنەکانی ناوچە کوردنشینەکان.
- دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو و بەستێنێکی فەرهەنگی بۆ گواستنەوەی بیرۆکەی داهێنەرانە و سەردەمیانە لە نێوان هونرمەندانی بواری شانۆ و خەڵکی ئاسایی، هەروەها هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی هونەرە نمایشییەکان لە ناوچە کوردنشینەکان.
- یەکگرتن و یەکڕیزی نەتەوەیی.
- ڕێکخستنی بەستێنێکی گونجاو بۆ دۆزینەوەی توانایيەکانی نەوەی نوێ و ڕاهێنانی ژینگەیەکی تەندروست و هونەرمەندانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی گروپە شانۆییەکانی ناوخۆ و دەرەوە لە ناوچە کوردنشینەکان.
- گرنگیدان بە گەنجیی دانیشتووان.

## بەشەکانی فێستیڤاڵ:

### أ) بەشی نواندن ( نێودەوڵەتی)

- مەرجی سەرەکی بەشداریکردن لەم بەشەدا پێشکەشکردنی بەرهەمی شانۆییە بە یەکێک لە شیوەزارەکانی زمانی کوردی. ( پێشکەشکردنی فیلم بە کوالیتی باش بە شێوەی DVD )
- هەموو گرووپێکی شانۆیی کە مەرج و ڕێساکانی ڕێکخراوی گشتی هونەرە شانۆییەکانی ئێران و بەڕێوبەرایەتی فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز ڕەچاو دەکەن، دەتوانن لەم فێستیڤاڵەدا بەشداری بکەن.
- گرووپە شانۆییەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەتوانن بە پێی مەرجە ئاماژەپێکراوەکانی فێستیڤاڵەکە، بە ناردنی فیلمی شانۆیی بە ڕەچاوکردنی ڕێسا و یاساکانی شانۆگەری لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، داواکاری خۆیان بۆ بەشداریکردن لەم بەشەدا پێشکەش بکەن.
- بەشداربووان نابێت پێشتر شانۆگەریەکەیان لە گەڵ هەمان گرووپدا (دەرهێنەر و ئەکتەرەکان) لە هیچ فێستیڤاڵێکی فەرمی وەزارەتی فەرهرنگ و ئیرشادی ئیسلامیدا بەشدارییان کردبێت.
- ئەو شانۆیانەی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە بەشداری دەکەن، بە بێ جیاوازی بە هەمان مەرجەوە هەڵدەسەنگێنرێن و دیاری دەکرێن.
- دیاریکردنی ژمارەی کەسەکانی گرووپە شانۆیەکان، شوێن و کاتی نواندن، بە پێشنیاری لیژنەی هەڵبژاردن و مەرجەکانی فێستیڤاڵ، لە ئەستۆی بەڕێوبەرایەتی فێستیڤاڵدا دەبێت و هەموو گرووپەکان دەبێ پابەندی بن.

- سەرەتا پێویستە یەک کۆپی چاپکراوی شانۆنامەی بەرهەم هێنراو لەگەڵ ناردنی دی ڤی دی بەرهەمەکە بۆ پێداچوونەوە، پێشکەشی نووسینگەی بەڕێوبەرایەتی بیستەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز بکرێت.
- ئەو گروپانەی کە لەم بەشەدا وەردەگیرێن، لانیکەم ٣٠٠ ملیۆن ڕیاڵ بە پێی بڕیارە تایبەتییەکانی لیژنەیی پەیوەندیدار بە پشتبەستن بە ژمارەی ئەکتەر و ئەندامانی دیکەی گرووپ، دیکۆر، جلوبەرگ، دووری شوێن و ... وەردەگرن.
- لەم بەشەدا بە پشتبەستن بە کوالیتی بەرهەمە بەشداریکراوەکان لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەوە، لانیکەم ٨ بەرهەمی ناوخۆیی و ٣ بەرهەمی دەرەکی بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە دیاری دەکرێن.
- ئەم بەشە بەبێ کێبڕکێ بەڕێوەدەچێت و لە نێو بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی فێستیڤاڵەکەدا ٢ بەرهەم لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنی سەرەکییەوە هەڵدەبژێردرێن و دەناسێنرێن بە بەڕێوبەرایەتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی فەجر. (هەر کام لەو بەرهەمانەی کە بە فێستیڤاڵی شانۆی فەجر دەناسێنرێن، پەیکەرێک و تابلۆیەکی ڕێزلێنان و دیارییەکی نەختینەیان پێشکەش دەکرێت).
- هەروەها لە نێو بەرهەمە بەشداریکراوەکانی فێستیڤاڵەکەدا بە بڕیاری بەڕیوبەری جێژنەکە و بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵە شانۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢ بەرهەم بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵدەبژێردرێن.

## ب) بەشی نووسینی شانۆنامە ( پێشبڕکێ)

- لەم بەشەدا ئەو شانۆنامانەی کە لە هیچ فێستیڤاڵێکدا بەشدارییان نەکردبێت، وەردەگیرێن.
- لەم بەشەدا ئەولەویەت دەدرێت بەو شانۆنامانەی کە ئەمساڵ نووسراون. ( ساڵەکانی ١٤٠٣ و ١٤٠٤)
- ئەو شانۆنامانەی کە بە زمانی کوردی (بە هەر شێوەزارێکی کوردی) نووسراون، وەردەگیرێن.
- بەرهەمی وەرگیراو و وەرگێڕاو لە لایەن بەرێوبەرایەتی فێستیڤاڵەوە وەرناگیردرێت.
- لەم بەشەدا بە هەڵبژاردنی لیژنەی هەڵسەنگاندن، بە سێ شانۆنامەی هەڵبژێردراو بە ڕیزبەندی بڕەپارەی سەد و پەنجا ملیۆن، سەد ملیۆن و حەفتا ملیۆن ڕیاڵ خەڵات لەگەڵ تابلۆیەکی ڕێزلێنان و بڕوانامەی فەخری دەبەخشرێت.
- سێ شانۆنامەی هەڵبژێردراو لەم بەشەدا وەک کۆمەڵە بەرهەمی شانۆیی بیستەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز چاپ دەکرێن.
- ئەو شانۆگەرییانەی لە بەشی پێشبڕکێی شانۆ وەرگیراون لەم بەشەدا وەرناگیرێن.
- براوەکانی ئەم بەشە لە ڕێوڕەسمی کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا ڕادەگەیەنرێن.

## پ) بەشی وێنەگەری (پێشانگا)

- ئەم بەشە وەک پێشانگایەک و بێ کێبڕکێ بە ڕێوەدەچێت.
- هەر وێنەگرێگ تەنها دەتوانێت ٥ بەرهەم بۆ فێستیڤاڵەکە بنێرێت.
- پێویستە هەموو وێنەکان پێوەندی بە شانۆگەریەکانی خولە پێشووەکانی فێستیڤاڵەکەوە هەبێت (لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەققز لە قۆناغی یەکەم تا نۆزدەهەم).
- ئەو وێنانەی لە شانۆگەریەکانی ئەم فێستیڤاڵە نەبن لە لایەن نووسینگەی فێستیڤاڵەوە وەرناگیرێن.
- پێویستە فایلێکی کوالیتی بەرزی بەرهەمەکان بە شێوەی سی دی لە گەڵ ناونیشانی تەواوی بەرهەمەکە (ساڵی نواندن، ناونیشانی خولی فێستیڤاڵەکە، ناوی شانۆگەرییەکە، ناوی دەرهێنەر) بنێردرێت.
- بەرهەمە بەشداربووەکان لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەوە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و ٤٠ بەرهەم بۆ فێستیڤاڵ وەردەگیرێت.
- بەرهەمەکانی ئەم بەشە لە لایەن بەڕیوبەرایەتی فێستیڤاڵەوە چاپ دەکرێن و لە پێشانگایەکدا لە ژێر ناوی "شانۆی کوردی، چوارچێوەی کوردی" لە هەمان کاتدا لەگەڵ بیستەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی و هونەری سەقز نمایش دەکرێن و لە نامیلکەیەکدا بە هەمان ناونیشان چاپ دەکرێن.

## ت) بەشی کۆبوونەوە زانستییەکان

- لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکەدا، بەڕێوبەرایەتی فێستیڤاڵ بە یارمەتی مامۆستایان و هونەرمەندە ناسراوەکانی بواری هونەرە شانۆییەکان، کۆبوونەوەی زانستی (تەوەری کۆبوونەوەکان شانۆی کوردین) بە شێوەی ناسەرەکی لەگەڵ ڕەخنە و شیکردنەوەی بەرهەمە بەشداریکراوەکانی بیستەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز ئەنجام دەدات.
- کۆبوونەوە زانستییەکان و هەروەها دانیشتنەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمە بەشداریکراوەکانی فێستیڤاڵەکە لە هۆڵی کتێبخانەی پارکی مەولەوی کورد  ئەنجام دەدرێت.

## ڕۆژبژێری فێستیڤاڵ

- بیستەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی کوردی سەقز لە نیوەی یەکەمی مانگی سەرماوەزی ۱۴۰۴ لە سەقز بەڕێوەدەچێت. (۲۰۲۵/۱۱/۲۲ – ۲۰۲۵/۲۱/۰۶)
- ئەو گووپانەی دەیانەوێ لە فێستیڤاڵەکەدا بەشداری بکەن، دەبێت ۱۵ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی بانگهێشتنامەکە ئامادەبوونی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە بە بەڕیوبەرایەتی فێستیڤاڵ ڕابگەیەنن.
- ئەو گووپانەی دەیانەوێ لە فێستیڤاڵەکەدا بەشداری بکەن دەبێت هەتا کۆتایی ۱۰ی مانگی خەزەڵوەر ۱۴۰۴(۲۰۲۵/۱۱/۱۰) پێنج کۆپی فایلی ڤیدیۆیی بە شێوەی دی ڤی دی بە کوالیتی گونجاوی دەنگ و وێنە بۆ بەڕیوبەرایەتی فێستیڤاڵ بنێرن. (ئەم ماوەیە درێژ ناکرێتەوە).
- فیلمە ئیدیتکراوەکان و دەستکاریکراوەکان چاودێری ناکرێن.
- ماوەی ناردنی بەرهەمی شانۆیی گرووپەکانی دەرەوەی وڵات ۳۰ ی مانگی ڕەزبەری ۱۴۰۴ه. (۲۰۲۵/۱۰/۲۲)
- ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی پێداچوونەوەی گرووپە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵەکە ۲۰ی مانگی خەزەڵوەر ۱۴۰۴ه. (۲۰۲۵/۱۱/۱۱)
- دوا وادە بۆ ناردنی دەق بۆ بەشی شانۆنامە ۳۰ ی ڕەزبەری ۱۴۰۴ (۲۰۲۵/۱۰/۲۲). (بەشداربووان دەبێت ۳ کۆپی لە دەقەکەیان تایپکراو لە فۆرمەتی فایلێکی PDF بۆ بەڕێوبەرایەتی فێستیڤاڵ بنێرن.)
- ماوەی ناردنی دی ڤی دی بەرهەمەکانی بەشی وێنەگەری ۲۵ی مانگی ڕەزبەری ۱۴۰۴ه. (۲۰۲۵/۱۰/۱۷)
- بەڕیوبەرایەتی پابەند نیە بە ئامادەکردنی دیکۆر، کەرەستە و جلوبەرگی شانۆی گرووپە هەڵبژێردراوەکان.

## ناونیشانی بەڕیوبەرایەتی

کوردستان ـ سەقز ـ بەڕییوبەرایەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری سەقز ـ بەڕییوبەرایەتی هەمیشەیی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی کوردیی سەقز

تەلەفۆن:۰۸۷۳۶۲۲۲۲۶۶-۰۹۱۸۳۷۹۳۰۶۴-۰۹۱۸۷۷۳۹۳۲۷



(خەرمانان۱۴۰۴)